


## موبەریدەکانیش دەبنە دیجیتالی

ئێستاکە وەرزی گەرمایە و موبەریدە گرنگترین ئامێری ئەلیکترۆنی ماڵەوەیە. چەندین ساڵە دیزاین و شێوازی کارکردنی مۆبەریدەکان گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەر نەهاتووە، مۆبەریدە تەنیا دوگمەیەکی هەیە بۆ هەڵبوون و کوژانەوە. هەندێك مۆبەریدەش هەیە کە ریمۆت کۆنترۆڵیان هەیە..

ئامێرێکی بچووك بەناوی (remo) بەرهەم هاتووە کە گشت موبەریدەیەك دەکاتە دیجیتالی، ئامێرە بچووکە دەتوانیت زۆر کار ئەنجام بدات، ئەگەر سارد بوو ئوماتیکی بیکوژێنێتەوە، هەوای ژوورەکە بە جۆرێك رێك بخات کە لەگەڵ ژوورەکە بگونجێت، وزە کەم و زۆر بکات. بەهۆی ئەپلکەیشنێکەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و دەکرێت لەسەر مۆبایلەکەت پەمپی ئاوەکەی بکوژێنیەوە. موبەریدەکە خێرا و کەم بکەی..

## ئەو شاشانەی زیان بە چاو ناگەیەنن

کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، مۆبایل. بە گشتی هەموو شاشەیەك زیانی هەیە بۆ سۆمای چاوەکان و چاو ماندوو دەکات، هەستی بینین کەم دەکات و تارمایی و لێڵایی دەخاتە سەرچاو.. هەرچەندە بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە توانراوە ئەو تیشکانەی زیان بەخشن و لە شاشەکانەوە دەردەچن کەم بکرێنەوە..

شاشەکانی curvedی کۆمپانیای سامسۆنگ وەك باشترین شاشە هاتۆتەوە بۆ نەهێشتنی ماندوو بوونی چاو. دەستەیەکی پزیشکی زانکۆی هاروارد لێکۆڵینەوەیەکیان کردوە و داوایان لە کۆمەڵە کەسێك کردووە کە بۆ ماوەیەك سەیری شاشەی curved بکەن و هەندێکی دیکەش سەیری شاشەیەکی فلات بکەن. دوای تەواو بوونی ماوەکە دەرکەوتووە ئەوانەی سەیری شاشەی چەماوەکەیان کردووە واتە curved بە بەراورد بەشاشە فلاتەکە کەمتر تووشی ماندوویەتی چاو بوونە. ئەو شاشە چەماوانە وا بەرهەم هاتوون کە لەگەڵ حاڵەتی مەودای چاوەکان دەگونجێت، بۆیە ئەوانەی سەیری ئەو شاشەیە دەکەن دەتوانن زیاتر لە پەنای بمێننەوە..

# مێروولەی ڕۆبۆت

لەو چەند ژمارەیەی ڕابردوودا چەندین جار لەسەر ڕۆبۆت و ڕۆڵی ڕۆبۆت لە داهاتوودا هەواڵ و زانیاریمان سەبارەت بە ڕۆبۆتە نوێیەکان بڵاوکردۆتەوە. بێگومان وەك کۆمپیوتەر لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا گرنگییەکی زۆری پێدرا و بوو بە پێداویستیەکی ژیان، ڕۆژێك دادێت هەر ماڵە و ڕەنگە هەر تاکە ڕۆبۆتی خۆی هەبێت. قەبارە و کارکرد و شێوازی ڕۆبۆتەکان جیاوازن بۆ نموونە ئەم ڕۆبۆتە بچووکە کە بە antbo ناسراوە.

ئەم ڕۆبۆتە سەرنج ڕاکێشە لەشێوەی مێروولە دەچێت، گشت پارچەکانی بەکارهێنەر بۆخۆی لە پاڵیەك دەخاتەوە. تەنانەت دەتوانرێ پرۆگرامی تایبەتی بۆ دابندرێ. کێشی ڕۆبۆتەکە ٢٠٩ گرامە. لەباڵیەکخستنەوەی ڕەنگە کاتژمێرێك بخایەنێ و بەکارهێنەر بەهۆیەوە هەندێك زانیاری لەبارەی سیستەمی ڕۆباتیکیش فێر دەبێت. بە سوود وەرگرتن لەپرۆگرامەکانی Scratch، Whendo و Arduino IDE دەتوانرێ کۆدیشی بۆ دابندرێ پاشان بەهۆی دەنگی بەکارهێنەر یان لە ڕێگای مۆبایلەوە دەتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێت.







# بە مۆبایل چاودێری گوڵ و گیای ماڵەوە بکە

سەردەم، سەردەمی دیجیتالیە، خەون و ئارەزووەکانیشمان بوونەتە دیجیتالی. لەو جیهانە دیجیتالیەدا ڕەنگە زۆر کەس ئارەزوو بکات لە ماڵە بچووکەی خۆیدا باخچەیەکی بچووکی هەبێت. جیهانی دیجیتالی کارئاسانی بۆ ئەوەش کردووە.

ئامێرێکی بچووك بەناوی (ecoqube Air) کە ئەرکی پارێزگاری کردن لە گوڵ و گیای ماڵەوەی هەیە. ئەو ئامێرە لەکاتی پێویستدا گوڵ و گیاکان ئاو دەدات، مادەی خۆراکیان پێدەدات. ئەو گەردیلە و تۆزانەی کە زیانیان هەیە هەڵدەمژێ. سەرەڕای ئەوەی کە ستایلێکی جوان بەماڵەوە دەبەخشێت بەهۆی گلۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی وا دەکات ئەندامانی ماڵەوە خەوێکی خۆشیان هەبێت.

بە ئەپلکەیشنێك کە تایبەتە بەو ئامێرە لەسەر مۆبایل دادەنرێت دەتوانی بە وردی سەرنجی گەشەکردنی گوڵەکانی ماڵەوە بدەی و هەر بە مۆبایل فەرمان بە ئامێرەکە بکەی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**بەڕێزێك دەپرسێت دوای ئـەوەی مۆبایلەکـەم فۆرمـات کرایەوە، پرۆگرامەکانی ڤایبەر و فەیسـبوکم دانایەوە، هەرچەند دەکەم ڤایبەر و فەیسبووکەکەم تێکەڵی دەکات و دواتریش سایتی یوتیوب و زۆر سایتی دیکەش ناکرێنەوە. هۆکارەکەی چییە؟**

خوێنـەری بەڕێـز هـۆکاری سـەرەکی کێشـەیەکی ئـاوا پەیوەنـدی بـە ڕۆژمێـری مۆبایلەکەتـەوە هەیـە، ڕۆژمێری مۆبایلەکـەت تەنانـەت نابێـت یەك ڕۆژ و یەك خولەکیشـی هەڵە بێت، چونکـە لەکاتی وادا تێکەڵی دەکات، بۆ نموونە گەر ڕۆژێك لە پێش بێت و پەیوەندی ڤایبەر یان فەیسبوکت بۆ بێت، لێی تێکدەچێت چونکە کاتژمێری ئەوان هیچ کێشەی نییە. بۆ یوتیبوبیش هەروایە کەسێك فیلمێکی ٢٠١٦ داناوە، بەڵام ڕۆژمێرەکەی مۆبایلەکەت ٢٠١٥یە، ئەوکات نازانێت چ بکات، بۆیە کە ڕێکەوتەکەت ڕاست کردەوە و کوژاندتەوە و پێت کردەوە کێشەکە چارەسەر دەبێت.




## فڵچەی ددان فیلمیش هەڵدەگرێتەوە

شـوردنی ددانەکان بۆ پاراسـتن و ڕاگرتنی ددان گرنگی خـۆی هەیە، سـەندیکای پزیشـکانی ددان لـە ئەمەریکا دەڵێـن فڵچـەی کارەبایـی باشـترە لـە فڵچەی ئاسـایی. واتـە ئـەو فڵچانـەی بـە باتـری و وزە کار دەکـەن. کاتێ ددان دەشـۆی ڕەنگـە هەندێـك شـوێنت لەبیـر بچـت، بۆ ئەم مەبەسـتە فڵچەی هۆشـمەندی prophix فیلم لە کاتی شوردنی ددان واتە لەناو دەمت هەڵدەگرێتەوە. لەناو فڵچەکـەدا کامێرایەکـی HD بچـووك هەیـە. بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەزانێت کوێ لە ددانەکان پاك بکاتەوە. جگە لەوەش دەتوانی وێنەی ددانەکانت بگری و بۆ ئەوەی کە لەکاتی پێویست نیشانی پزیشکی ددانی بدەی..




## دەستەوانە یان مۆبایلی سمارت

دەسـتەوانە یـان پەنجەوانـەی ئەویـش دیجیتالـی و هۆشـمەندەکەی زۆر لەمێـژ نییـە هاتۆتـە نـاو جیهانـی تەکنەلۆژیای نوێ، ئەگینا پێشـووتر دەسـتەوانە کەرەسەیەك بـووە بـۆ پاراسـتنی دەسـتەکان لـە بەرکەوتـن و کارکردنـی ڕۆژانە...


دەسـتەوانەی هۆشـمەندی Glovdi زۆرتـر تایبەتـە بـە وەرزشـوان و ئەوانـەی کاری ڕۆیشـتن و ڕاکـردن دەکـەن وەك ئـەو کەسـانەی لـە سـوپادا کار دەکـەن. دەسـتەوانەکە

# سایتێک بۆ دەستکاری کردنی فایلی PDF



فایلی PDF بەئاسانی دەستکاری ناکردرێ دەبێت پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەبێت هەر پرۆگرامێك PDF بخوێنێتەوە ناتوانێت پشتی پێببەستی بۆ دەستکاری کردن. بەڵام ڕێگایەکی ئاسان هەیە ئەویش سەر لە سایتی https://smallpdf.com/ بدەن. لەم سایتەدا بە ئاسانی و بێ گرفت دەتوانی فایلێکی PDF دەستکاری بکەی، پارچە پارچەی بکەی، بیسڕینی، یان لاپەڕەی دیکەی پێوە زیاد بکەی، بیکەی بە فایلی وۆرد، یان بیکەی بە فایلێکی وێنەیی. یان بیکەی فایلی ئیکسل و هی تریش.

# تابلۆیەکی دیجیتالی
# هۆشمەند و سەرنج ڕاکێش




ئەلبۆمە دیجیتالییەکان لەمێژە هاتوونەتە بازاڕ، هەرچەندە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەی هەیانە بەڵام کرپار بەکارهێنەری کەمە، لە هەموو جیهاندا بەم شێوەیە، بۆیە دۆستێك نووسی بووی، نەوەی دوای ئێمە نەوەی بێ ئەلبۆمە.. لەم دواییەدا ئەلبۆمێکی دیجیتالی هۆشمەند بەتایبەتمەندی دیکەوە بەرهەم هاتووە. تابلۆی هۆشمەندی (acanvas)، جیاوازی ئەم ئەلبۆمە هۆشمەندە لەوەدایە وەك تابلۆیەکی سەرنج ڕاکێش بە دیوار هەڵدەواسرێ، بەهۆی سیستەمی وای –فایەوە بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێت و ئەوکات دەتوانی تابلۆکانی کام هونەرمەندی جیهانیت بە دڵە بەپێی ڕیزبەندی و بە سلاید و بە شێوەی سەرنج ڕاکێش نیشان بدات. نە تەنیا ئەوە بەڵکو وەك هەموو ئەلبۆمە دیجیتالییەکان دەتوانێت وێنەی سەر مۆبایل یان کۆمپیوتەرەکەشت لەسەر شاشەکە نیشان بدات. تایبەتمەندی دیکەی ئەوەیە کە هەرکاتێك شەحنی دابەزی، ئۆتۆماتیکی خۆی شەحن دەکاتەوە.




**شاشەیەکی گەورەی هەیە و بەڵام بازنەییە. لە کۆتایی شاشەکەش کاتژمێرێکی هۆشمەند هەیە. دەستەوانەکە هەموو تایبەتمەندییەکی مۆبایلە هۆشمەندەکانی هەیە وەك پەیوەندی کردن، دۆزینەوەی شوێن (GPS) کامێرا. بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەش تەنیا ئەوەندە بەسە کە پەنجەکانت بجوڵێنی هەر پەنجەیەش بۆ کارێکی تایبەت دیاری کراوە.**